# چەند تیشکێک لەسەر ڕۆڵی عایشەلە ڕوداو مل ملانێکانی ئیسلامدا

# عومەری کوڕی خەتاب چۆن کرا بەخەلیفە؟

ع.ق. بەختیار ۆسلۆ

کاتێک ئەبوبەکر نەخۆشی سەری لێ هەڵ دە دا عایشە بێ ئومێد دەبێت لەچاک بونەوەی باوکی هەوڵدەدات باوکی ڕازی بکات جێنشینی خۆی دیاری بکات بەڵام ئەبوبەکر ڕازی نابێت لەدیاری کردنی جێنشینی خۆی ،دەڵێت پێخەمبەری خوا نەیتوانیی وە ئەم کارە بکات من چۆن دەتوانم ئەمە بکەم ،عایشە دەڵێت لەدوای تۆ دڵنیام کەعەلی دەبێتەخەلیفە، ئەبوبەکر دەڵێت هەرکەس موسڵمانان هەڵیان بژارد بەخەلیفە دیارە شایستەی ئەو جێگەیە،کاندیدی عایشە بۆ خالیفە عومەر دەبێت چەند جارێکی تر هەوڵی لەگەڵ دەدەت بۆ ڕازی کردنی بەڵام بێ ئەنجام دەبێت ناچار عایشە هەنێک لە ڕیش سپی و پیاوانی نزیک لە ئەبوبەکر و خۆی لە مەدینە هان دەدات کە بێن ئەبوبەکر ڕازی بکەن بۆ دەست نیشان کردنی جێنشینی خۆی ئەم کۆمەڵە کەدێن بۆ لای ئەبوبەکر پێی دەڵێن ئەگەر دەتەوێت لەدوای خۆت خوێنی موسڵمانان بەشمشێری موسڵمانان نەڕژێت دەبێت جێنشینی خۆت دابنێیت ئەم قسەیە زۆر تەئسیر لە ئەبوبەکر دەکات .ڕۆژێک دەنێرێت بەدوای (ابی قحانە) ئەبوبەکر پێی دەڵێت بنووسە لەدوای مەرگی من داوا لەموسڵمانان دەکەم کە. لێرەدا ناتوانێت تەواوی بکات چاوی دادەخات و توانای زیاتر وتنی نامێنێت لەم کاتەدا عایشە دێتە ژورە وە دەبینێت باوکی بێ هۆش بووە سەری دەخاتە سەر ڕانی و لە(ابی قحانە) دەپرسێت ئەوەچیە؟ دەڵێت بەنیاز بوو وەسێتنامەی بۆ بنوسم بۆ موسلمانان لەسەر جێنشینی خوی بەڵام نەیتوانی تەواوی بکات بێ هۆش کەوت . عایشە دەڵێت بنوسە عومەری کوڕی خەتاب بە خەلیفە دەست نیشان بکەن . (ابی قحانە) دەڵێت من چۆن بنوسم عومەر لەکاتێکدا ئەو هیچ کەسێکی دەست نیشان نەکردووە.عایشە دەڵێت من هیچ گومانم لەوەنیەکە تەنها ناوی عومەر ی لە دڵدابوە من چەند ڕۆژە قسەی لەگەڵ دەکەم لەسەر ئەو مەسەلەیە.بەم شێوە یە ئەبوبەکری سدیق دەمرێت، عومەر بەو شێووەیە ڕێگای بۆ خۆش دە کرێت ببێت بەخەلیفەی دووەم .لەسەردەمی خەلافەتی عومەر ی کوری خەتاب دا لەلایەک بەفەرماندەی (عومەر بن عاس) بۆ میسر .لەلایەکی تر بەفەرماندەی (سەعدی کوری ئەبی وەقاس)بۆ ئێران لەشکری ئیسلام پەلاماریان دەست پێ دەکات . دوای دەست بەسەرداگرتنی میسرو ئێران هەریەک لەعومەر بن عاس وسەعدی کوڕی وەقاس نامە ڕەوانەی عومەری کوڕی خەتاب دەکەن، لەشێوەی دەست بەسەرا گرتن و دەستکەوت و خەنیمەکانی ئەو دوو فەتحە، لە نامەی عومەری بن عاس دا باسی گەورەی ئەسکەندەریە دەکات کە(4000 ) هەزار حەمام و( 12000)هەزار باخچەی تێدایە هەروەها باسی کتێبخانەی ئەسکەندەریە دەکات کەلەشکری ئیسلام بە(4500 ) هەندێک سەرچاوەی کە دەڵێن (3500 ) کتێب ،بەکتێبخانەکەوە سوتاندویانە لەشکری ئیسلام ،لەنەمەکەیدا باسی ئەوەدەکات دەڵێت خەمبار نیم بۆ سوتاندنی کتێبخانەکە چونکە کافران و دوژمنانی ئیسلام نوسیویان ەکتێبەکان، ئێمە هەرچیمان بوێت لەقورئاندا هەیە هەروەک دەڵێت (ولا رطب ولا یابس الا من کتاب مبین) واتا هەرچی تەڕو وشک هەیە لە قورئاندا باسی کراوە –بۆیە نابێت بۆ سوتاندنی ئەو کتێبخانەیە دڵگران ببین . ئینجا دێتە سەر باسی دەست کەوتەکانی جەنگ دەڵێت ئێستا لەم کاتەدا من سەر گەرمی ڕەوانەکردنی (10) وەجبە باری وشترم هەر وەجبەی لە(500 ) وشتر کەمتر نەبێت هەمووی بار دەکرێت لەزێڕو سیم وعاج و پارچەی گران بەها بۆ مەدینە ڕەوانەی دەکەم ئەو دەست کەوتانەی کە لێرە بە دەستمان کەوتووە بەوشێوەیەی کەمن (تەخمینم)کردوە ئەگەر هەموو ژن و پیاوێکی عەرب جلی ئاورێشم بکاتە بەرو هەریەکەی (100 )سکە زێڕیشیی بەر دەکەوێت.لە نامەی سەعدی کوڕی وەقاس دا سەرەتای نامەکەی باسی لە دەستکەوتەکان دەکات

لە کۆشکوو تەلار و باڵەخانەکانی ساسانیەکاندا بەدەستیان کەوتووە باس لەنەخشاندنی ژوورەکان دەکات بە ئاڵتون واتە لەباتی خشت تەختی ژوورەکان بەشمشی ئاڵتون فەرشکراون،سەعد دەڵیت نیازم وایەهەرچی لەتەختی ژوورەکان یان لە دیوارەکاندا دانراوە هەمووی کۆبکەمەوە لەگەڵ شتەکانی تر بۆت بنێرم. لەهەندێک ژووردا هەیکەلی زێڕو زیو مەڕمەڕ هەیە هەمووی دەنێرم بۆ مەدینە تا بخرێتەخەزێنەکانی بیت المال .هەر ژورێک بە ئاڵتون دروست کرابێت قاڵی تێدا ڕانەخراوە،باس لەجوانی و گرانبەهای قاڵیکان دەکات قاڵیەکان ڕەنگاو ڕەنگ نەخشێنراوە لە ناو قاڵیەکاندا قاڵی تێدایە بە(25 ) سال چنراوە. لەگەڵ سەرکەوتنی ئیسلام لەشام و ئێران و میسردا هەرچی کاڵا بەنرخەکان دەستاین کەوت کەبەر بەیت المال کەوت ڕەوانەی مەدینە کران عەمبارەکانی بیت المال هەمووی پڕبوبوون، عەمباری گەورەو نوێ دروست کران .،عومەری کوڕی خەتاب لەسەردەمی خۆیدا یارمەتی بۆ ئەوانەی کەهیچ دەرامەتێکیان نەبوو لە بیت المال بڕیەوە، ژنەکانی پێخەمبەر هەمویان یارمەتیان بۆ بڕایەوە جگە لە (حفضە) کەخۆی وەری نەدەگرت گوتی من وەزعم باشە ئەوەی دەیدەن بە من بیدەن بەهەژارێک.بەڵام عایشە گلەی کرد لە ساڵانەکەی خۆی کە(12)هەزار درهەم لەسەردەمی خەلافەتی باوکی دا بۆی دیاری کرا بوو،عایشە داوا لە عومەر دەکات بەشم ناکت، عومەر دەڵێت ئەوە خێزانەکانی کەی پێخەمبەرە بەباشی پێی دەژین ئەگەر بۆ تۆ زیادی بکەم ئەوانیش داوا دەکەن . عایشە دەڵێت من جیاوازم لەژنەکانی کەی پێخەمبەر من لەوان زیاتر خزمەتی پێخەمبەرم کردووە هیچ کەس لەوان بەقەد من خزمەتی نەکردوە بە پێخەمبەرو ئیسلام .عایشە داوا لەعومەر دەکات سەردانی ماڵی بکات، عومەر لەگەڵ (ابن هیشام) کارمەندی بەیت المال بوو سەردانی ماڵی عایشە دەکات لەدوای خواردنەوەی شەربەتی هەنگوینی عومەر دەپرسێت خێربوو ناردت بەدووومدا ؟عایشە دەڵێت دەمەوێت سەبارەت بەزیاد کردنی موچەکەی خۆم قسەت لەگەڵ بکەم .عومەر لێی دەپرسێت ئایە ئەو موچە یە بەشت ناکت ؟ ژیانت لە تەنگانەدایە؟ئەوەی من بزانم گوزرانت باشەو هەموو موسڵمانان ڕێزت لێدەگرن باشتروایە لە فکری ئەوەدابیت خۆت زیاتر بۆ خزمەت کردنی خواو دینەکەی تەرخان بکەیت . عایشە دەڵێت من لەوەتەی خۆم ناسیوەتەوە خۆم بۆ خودا تەرخان کردووە جیاوازی من و ژنەکانی تری پێخەمبەر زۆر جیاوازە من گەنجم و ئەوان پیرن من ناتوانم شوو بکەم جوانی خۆمم خستوەتە سەر پێخەمبەرو ئیسلام ،ژنەکانی تری پێخەمبەر پیر بوون بیانەوێت یان نا کەس ئەوان ناخوازێت .من تاکەی ماڵەکەم لە تەنیشت ئەم مزگەوتە دابێت ناتوانم ڕۆژانە ئیسراحەتی پێویست بکەم ،من تەنها یەک خزمەتکارم هەیەئەگەر ئیمکانەتم هەبێت دەیکەم بەچەند دانەیەک ، من بەسەرتاسەری هاوین لەو گەرمایە مەدینە دا دەمێنمە وە ناتوانم خانویەک بکڕم لە(سەردسێر) وەک دەوڵەمەنکانی مەدینە بچم لەهاوینان سودمەند ببم لەهەوای فێنک،عومەر وەڵامی دەداتەوە دەڵێت منیش وەک تۆ هەر لەمشارەدا دەژیم .عایشە گوتی عومەر تۆ پیاوێکی شازیت ئەو عەشقەی تۆ بۆ دینەکەت هەموو خۆشیەکانی ژیانی لێ حەرام کردوویت من نامەوێت وەک تۆ لەخۆشیەکانی ژیان بێبەش ببم ،دەمەوێت لەمالی گەورەدا بژیم ئەمەوێت خشڵ و کەلوپەلی زینەتم هەبێت جلی جوان و ڕازاوە لەبەر بکەم چەند خزمەتکارێکم هەبێت،لەیاسای پێخەمبەردا خۆڕازاندنەوەحەرام نەکراوە هەبوونی خزمەتکار حەرام نەکراوە، من تا ئەوکاتەی پێخەمبەر لەژیاندا ماوەخێزانی بووم، تەڵاق نەدراوم ئەگەر ئێوە بە دایکی موسڵمانانم دەزانن ئەوا دەبێت لەپێنج یەکی دەستکەوتەکانی جەنگ بدەن بەمن ، عومەر دەڵێت ئێستا چەندت دەوێت لەبەیت المال ؟عایشە دەڵێت داواکارم پانزە ئەوەندەی کەئێستا هەمە بدرێت بە من ، واتا (180) هەزار درهەم ،عومەر گوتی ئەوپارەیە ئێجگار زۆرەچی لەو پارە زۆرە دەکایت؟عایشە وەڵامی دەداتەوەدەڵێت بۆ خۆشیی ژیان بەکاری دێنم لەئەو خۆشیانە کەڵک وەردەگرم کە لە ئیسلامدا حەرام نەکراوە،ئەمە داواکاری یەکەم، بۆ داواکاری تریشت هەیە؟ بەڵێ هەرچی گەوهەر هەیە لەبیت المال دا کە لەکۆشکی ساسانیەکاندا گیراوە تایبەتە بە ڕازاندنەوەی ژنان بدرێت بەمن ،عومەر گوتی چی لەو هەموو خشڵ و گەوهەرانە دەکەیت خۆ زیاتر لەدوو سندوق دەبێت ؟ عایشە وەڵامی دەداتەوە عومەر پێت وایە جێگام نیە تێی بکەم؟ یان بۆم هەڵناگیرێت؟ نا مەبەستم ئەوەیە زۆرە،عومەر ناچار بوو گوتی (ابن هاشم )لەناو دەفتەری حساباتدا بنووسە ساڵانە(180 )هەزار لەبیت المال بدرێت بە عایشە لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی خشڵ و گەوهەر لەمەدائین دا بەدەست کەوتوو ەتایبەتە بە ڕازاندنەوەی ژنان

بدرێت به عایشه،ئەو گەوهەرانەی تایبەت بوون بەڕازاندنەوەی ژنان بریتی بوو لەیانزه تاجی زێڕین (100 ) تەوقە تایبەتە بەژنان هەندێکیان لەئەڵماس دروست کرابوو، جگەلەوانە چەندین دەستەبەند و بازن لەناو کەلوپەلەکاندا بووسەرجەم ئەو گەوهەرانە(253 )پارچەبوون درا بەعایشە،ئەگەر بەراوردێک بکەیت لەنێوان خەلیفەکاندا سەردەمی خەلافەتی عومەر باشترین خەلافەت بووهەتاوەکوو ئێستا موسڵمانان شانازی بەعومەر وەدەکەن لەسادەو بێ تەکەبوری وعەدالەتی، دەگێڕنەوە کەڕۆژێک عومەر دەچێتەمزگەوت باس لەخەونێک دەکات کەنارحەتی کردووە،خەونەکە بۆئامادەبوانی مزگەوت باس دەکات دەڵێت لەخەونم دا کەڵەبابێکی سوری گەورەی توڕەم لێ پەیدابوو بەدەندوکێکی گەورەوە بەر بوە سەروچاوم ،( 3 )شەوە لەسەر یەک ئەو خەونە دەبینم هەستم بەئازاری دەندوکەکانی دەکەم،عومەر لەم خەون بینینە ترسی لێدەنیشێت دەچێت بۆ مزگەوت بەموسلمانان دەڵێت من دەکوژرێم، ئامۆژگاری من بۆ ئێوە لەدوای من عەلی کوڕی ئەبی تالیب هەڵبژێرن بەخەلیفەی موسلمانان ،چونکە جگەلەوەی کوڕی مامی پێغەمبەرە لەسەرێکی کەشەوە زاوایەتی ،پیاوێکی بەبڕواو بێ هەوا وهەوەسە کەسێکی بێتەماحە، ئەگەر نەتان توانی عەلی هەڵبژێرن لەنێوان ئەم پێنج کەسەدا یەکێکی کەیان هەڵبژێرن ،(عوسمان) یەکەم کەسە لەهۆزی (بنی امیە) بوەتە ئیسلام ،دووەم (عبدولڕەحمان عوف) سێهەم (سەعدی کوری وەقاس) کە ئێرانی فەتح کرد، چوارەم (تەڵحە) پێنجەم (زوبێر) ئەی خەڵکینە من بەهۆی ئەم خەونەوە مردنی خۆم بەنزیک دەزانم ،هەر لەوێدا دەڵێت دەمەوێت چەند نەسیحەتێکتان بکەم ،محاڵەهیچ میلەتێک بەبێ شمشێر بتوانێت فەرمانڕەوای بکات بەسەر هەموو میلەتانی جیهاندا،دووەم نەتەوەی عەرب دەبێت هەر لەمنداڵیەوە خۆیان فێری شمشێر وەشاندن بکەن،سێهەم ئەرکی عەرب بەزۆری شمشێر دینی ئیسلام لەسەرتاسەری جیهاندا ڕەواجی پێ بدات، چوارەم مەهێڵن نەتەوەکانی تر کە بونەتە موسلمان فێری عەربی ببن چونکە لە پاشەڕۆژدا دەبنە شەریکییدەستەڵات لەگەڵتاندا ،ئەم نەسیحەتانەی عومەری کوڕی خەتاب زۆر سەرنج ڕاکێشن، هەڵبەتە چەند وەسێتێکی تری هەیەپێش کوژرانی خۆی دەیکات من بەپێویستی نازانم ئیشارەتی پێ بکەم ،هەر بۆیە هەتاوەکوو ئێستاش موسڵمانانی عەرەب دەڵێن ئەگەر عەرب زەلیل ببێت ئەوا ئیسلام زەلیل دەبێت ،وتەی (حەسەن بەنا) دامەزرێنەری ئیخوان الموسلیمین ساڵی( 1928 )لەجامیعەی ئەزهەری میسری ،حەسەن بنا لەکۆنگرەی پێنجیی ئیخوان ساڵی( 1938 )دا دەڵێت نەتەوەگەرێتی عەرەب پەیامی بانگخاوزی ئیخوانە،ئیخوان بەخەیری عەرەبیشە وە دەبێت تێبکۆشێت بۆ یەکێتی عەرەب، واتا میلەتانی تری خەیرەعەرەب دەبێت لەخزمەتی عەرەبدا بێت، لەساڵی (1988 )دا بەبەر چاوی هەموو ئومەی ئیسلامی وعەرەبیە وە ڕژێمی سەدام زیاتر لە(200 ) هەزار کوردی لەباشوری کوردستان بێتاون لەناو برد تەنها تاوانی ئەوان کورد بوون ، زیاتر لە(4500 ) گوند و شارۆچکەی بەخەڵکەکەیەوە بێسەرو شوێن کرد ، بەهاوکاری هەموو عەربی جیهان و ناوچەکە ،جیهادیان دژی گەلی کوردی بێ دەستەڵات ڕاگەیاند ، لە عەملیەیی ئەنفالدا هەر چۆن لەسەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەیەک لەدوای یەکەکاندا ئەنفالیان دژی ئەو نەتەوە وڵاتانە دەکرد کەدینی ئیسلامیان قبوڵ نەکردبوو بەهەمان شێوە لە کوردستان پیروگەنج و منداڵیی کورد زیندە بەچاڵ کران سەروەت وسامانی خەڵکی کوردستان بەتاڵان بران ژنان وکچانی کورد سادو سەودای کرینوو فرۆشتنی پێکران ،لەدوای (19 ) ساڵ هەواڵی ئەوەهەیەکە(18 ) کچی عەمەلیەی ئەنفال لەمیسر و سعودیە و وڵاتانی تری ئیسلام دۆزراوەتەوە،دەرهەق بەخەڵکی کوردستان ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە بێ گوێدانەهیچ ئینتیمای دینی و فکری ،من نازانم کام یاسا کام ویژدان کام شەریعەت ڕێگا بە ئەم هەموو تاوانانە دەدات دژ بەگەلی کوردی ستەم دیدە کردویانە، دەتوانین بڵێن لە سەدەی پێشودا لەسەر گۆی زەوی گەورەترین کۆمەڵکوژی دژی گەلی کورد کراوە لەلایەن عەرەب و موسلمانانە وە ڕەنگبێت هەنێک کەس بڵێن چۆن موسڵمان؟، من لێرەدا باس لەدوو نموونە دەکەم بەبڕوای من ئەوە بە سەبۆ ئەوەی عەرەب بەگشتی، بەئیسلامی و خەیرە ئیسلامیەوە بەشدارن لەئەنفال و قەتڵ و عامی میلەتی کوردا، دوای ئەو هەموو تاوانەی دژی کورد کردیان ، کاتێک خەڵکی کوردستان لە( 5 -3 1991) ڕاپەڕینیان ئەنجام دا بەگشتی ئیسلامیەکانی عەرەب کەوتنە پەلاماردانی کوردی ستەم دیی دەو هەژار نمونەی زیندووش بۆ ئە مە بەیان نامەی ئیخوان الموسلیمین لە(4/27/ 1991 )بەئیمزای (موحەمەد حامد ابونصر) ڕابەری

گشتی ئیخوەن موسلیمین و دۆستی ئیسلامیەکانی کوردستان ئاوا دێتە هەڵوێست وەرگرتن، لەناوەڕۆکی بەیان نامکەیاندا دەڵێت (ان الاکراد تم تحریضهم من قبل الاستعمار لقیام بحرکات انفصالیەفی جسم العراق )ابو نصر ،لەدرێژەی بەیانەکەیدا دەڵێت لەڕوانگەی باڵادەستی ئەمریکی بەسر ناوچەکەدا گەلی باکوری عێراق و باشوری هاندران کە جموجوڵی جیاخوازی لە قەوارەی عێراق ئەنجام بدەن، لەوکاتەدا خەڵکی کۆردستان پەرتەوازەی چیاو دۆڵەکانی سەر سنوری عێراق وئێران و تورکیا بوبون، ئیسلامیەکانی عەرەب پشتیوانیان بۆ ڕژێمی سەدام دەردەبڕی خوێن و کۆمەکیان بۆ کۆدەکردەوە، کوردیان بەوە تاوان باردەکرد کەدەستی ئیستعماری ڕۆژئاوایان لەپشتە بۆ دژایەتی کردنی عەرب وئیسلام لە ناوچەکەدا ،کاتێکیش لە(19/ 5/ 1992)هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا ئیسلامیەکانی کوردستان لە3 % دەنگەکانیان بەدەست نەهێنا ( مەئمون هەزەبی)وتەبێژی ئیخوان الموسلیمین لەپاکستان گوتی کورد لەباکوری عێراق لە ئیسلام دەر چوون و لەدین وەرگەڕاون ، ، ، ، ، ماویەتیی